Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service



# ڕاستکردنەوە: داسەپانی یاسای نویێ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١دا نەبۆتە هۆکار بۆ ئەوەی کە تەنانەت یەک پەناخوازیش مافی کارکردن لە دەست بدا

لە ٢٠١٩/٦/١ بە هۆی گۆڕانی یاسای بیانییەوە مافی کارکردنی پەناخوازان گۆڕاوە.

گۆڕانکاری یاساییەکە ئاڵۆز بوو: تێگەییشتن لە یاساکە چەتوون بوو و هەربۆیە لە راددەیەکی زیاتر لە ئاسایی لە ئاستی فەرمانگە و وەزارەتی ناوخۆدا لەسەری دواوین. ڕاگەیاندنە کۆنەکانمان لە وێبپەڕی خۆمان سڕیوەتەوە بۆ ئەوەی کە نەبێتە هۆی سەرلێشێواوی بەشداربووان و خاوەنکارەکان.

داسەپانی یاسای نویێ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١ نەبۆتە هۆکار بۆ ئەوەی کە تەنانەت یەک پەناخوازیش مافی کارکردن لە دەست بدا.

ئێمە داوای لێبووردن دەکەین، لەبەر ئەوەی کە نەمانتوانیوە بە ئاستێکی تەواو ڕوون و لە کاتی گونجاودا لەم بارەوە ئاگاداری ڕابگەیەنین.

## مافی کارکرن لە دەستپێکی ٢٠١٩/٦/١ وە

ئەو پەناخوازانەی کە بەر لە ٢٠١٩/٦/١ داوای پەنابەرێتییان کردووە:

- ئەگەر لە ٢٠١٩/٥/٣١دا مافی کارکردنت هەبووە ئەوە هەروا بەردەوام دەمێنییەتەوە تا کاتێک بڕیاری دەرکرانت لە وڵات بۆ دەردەچی کە بڕەوی جێبەجێ کرانی هەبێ، واتە بە گوێرەی یاسا بکرێ تۆ لە وڵات دەربکرێی.
- ئەگەر لە ٢٠١٩/٥/٣١دا مافی کارکردنت هەبووە، بەڵام بەر لە ڕیکەوتی ٢٠١٩/٦/١ بڕیاری دەرکرانت لە وڵات بۆ دەرچووە کە بڕەوی جێبەجێ کرانی هەبێ، هەر لەو کاتەوە کە بڕیارەکەت دەکەوێتە بڕەوەی جێبەجێکران، مافی کارکردنت دەبڕێ.
- ئەگەر مافی کارکردنت لە ٢٠١٩/٥/٣١دا دەستی پێ نەکردبێ و بەڵگەنامەی سەفەرت (پاسەپۆڕت) هەبێ کە مۆڵەتی یاسایی هەر ماوە، ٣ مانگ پاش ڕادەستکردنی داواکارییەکەتەوە مافی کارکردنت پێدەدرێ، بەڵام گەر بەڵگەنامەی سەفەرت نەبێ، ماوەی چاوەڕوانکردنەکە ٦ مانگە.
- کاتێک مافی نیشتەجێبوویت بە هەر هۆکارێکەوە پێبدرێت مافی کارکردنت نامێنێ. بە دوای ئەودا مافی کارکردنت بەستراوەتەوە بەو مافە نیشتەجێبوویەی کە پێتدراوە.

## ئەو پەناخوازانەی کە لە ٢٠١٩/٦/١ دا یان لەدوای ئەودا داواکارییان ڕادەست کردووە:

- ئەگەر بەڵگەنامەی سەفەرت پێ بێ کە مۆڵەتی یاسایی هەر ماوە، ٣ مانگ دوای ڕادەستکردنی داواکارییەکەتەوە مافی کارکردنت دەست پێدەکا، بەڵام بە بێ هەبوونی بەڵگەنامەی سەفەر پاش ٦ مانگ ئەو مافەت هەیە.
- ئەگەر داواکاری نوێ ڕادەست بکەی، کاتەکانی دیاریکراوی چاوەڕوانی سەرلەنوێ دەست پێدەکەنەوە، واتە ئەو کات مافی کارکردنت بۆ ٣ یان ٦ مانگ لێدەستێنرێتەوە.
- هەر لەو کاتەوە کە بڕیاری دەرکرانت لە وڵات بکەوێتە بڕەوەی جێبەجێکرانەوە، واتە بە گوێرەی یاسا بکرێ لە وڵات دەربکرێی، ئەو کات مافی کارکردنت کۆتایی پێی.
- کاتێک مافی نیشتەجێبوویت بە هەر هۆکارێکەوە پێبدرێت، ئەو کات مافی کارکردنت تەواو دەبێ. بە دوای ئەودا مافی کارکردنت بەستراوەتەوە بەو مافە نیشتەجێبوویەی کە پێتدراوە.

**پەناخواز و خاوەنکار لە کوێوە دەتوانن زانیاری لەسەر مافی کارکردن وەربگرن؟**

**پەناخواز:**

- ئەگەر بڕیاری ئەرێنیت بۆ دەرچوو ، زانیاری سەبارەت بە مافی کارکردن لە بڕیارەکەدا و لە کارتی مافی نیشتەجێبوویی دەنووسرێ.

- ئەگەر بڕیاری نەرێنیت بۆ دەرچوو، زانیاری سەبارەت بە کۆتایی پێهاتنی مافی کارکردنت لە بڕیارەکەدا دەنووسرێ.
- بە زمانی خۆت یان بە زمانێکی دیکە کە تێدەگەی، بڕیارەکەت پێ ڕادەگەیەنرێ. ئەگەر پێویست بکات لە ڕێگای وەرگێڕی زارەکی یان وەرگێڕانی نووسراوەیەوە بڕیارەکەت پێ ڕادەگەیەنرێ.
- ئەگەر هێشتا بڕیارت بۆ دەرنەچووە، خاوەنکارەکەت دەتوانێ لە ئێستادا بە تەلەفۆن لە کاتژمێر ٩ تاوەکو ١٢ لەسەر مافی کارکردنت پرسیار بکا. ئەگەر بڕیاری ئەرێنیت وەرگرت، بۆ سەلماندنی مافی کارکردنت کارتی مافی نیشتەجێبوویی پیشانی خاوەنکارەکەت بدە.

**خاوەنکار:**

- دەتوانی لە ئێستادا لەسەر مافی کارکردنی پەناخواز بە تەلەفۆنەوە لە کاتژمێر ٩ تاوەکە ١٢ پرسیار بکەی.